# بەبێ کۆتاییهێنان بە داگیرکاری ناکرێ قسەلەسەر ئارامی وئاسایش و نەمانی تیرۆر بکرێ هۆی ئەوەش کەئەمانە بەلای ئەمەدا ناچن ئەوەیە کەئەم تاقمانە بەبی داگیرکاری ناتوانن دریژە بەبوونی خۆیان بدەن

## گفتوگۆ لەگەل سەمیر عادل سەرۆکی کۆنگرەی ئازادی عیراق لەبارەی هەلبژاردنەکانی ئیستاوە..

**هەلویستی کۆنگرەی ئازادی عیراق لەهەلبژاردن چیە؟**

سەمیر عادل: بەرلەهەموو شتیك پیم باشە ئاماژە بەوخالە بدەم کەلەبەشیکی زۆر لەکەنالەکانی راگەیاندنەوە ختسومەترەوو، ئەویش ئەوەیە کە کۆنگرەی ئازادی عیراق لایەنگر وپشتیوانی لەهەرپرۆسەیەکی دیموکراسی دەکات کە جەماوەری عیراق رادەکیشی بۆ بریاردانی سیاسی ئازادانە لەسەر چارەنوسی خۆی و هەلبژاردنی جۆری رژیمی سیاسی دلخوازی خۆی لەعیراقدا. بەلام ئەوەی کەئیستا لەعیراقدا بەناوی پرۆسەی سیاسی یەوە دەگوزەرێ ولەوانەش هەلبژاردنەکانی کانونی دووەم و دەنگدان بۆ دەستوورو ئەمەشیان کەبریارە لە15ی مانگدا بەریوەببریت، هیچ پەیوەندییەکیان نەلەدوور وەنەلەنزیکەوە بەبەشداری ئازادانە و بریاری جەماوەری خەلکی عیراقەوە نیە. من نامەوی لیرەدا جاریکیتر باس لەوەبکەم کەچی رویدا لەکاتی بەریوەچوونی پرۆسەی ریفراندۆمەکەی ئەم دواییەدا. بالەمە بگەریین و لەبارەی هەلبژاردنی ئیستاوە قسەبکەین:

"گەرم"ی ململانیێ دیموکراسی نیوان لایەنە مونافیسەکان گەیشتۆتە ئاستی شکاندنی ئیسقانی یەکتر. تەنانەت بۆنمونە دیموکراسی کوشتن و تەسفیەی جەستەیی بۆتە بەشیك لە پرۆسەی هەلبژاردن کەلەلایەن بەشدارانەوە ریکدەخریت. ئەمەجگەلەوەی کە هەموان دەزانن کوشتن لەرۆژی روناکدا ولەبەرچاوی هەموان ولەوانەش کوژرانی دووئەندامی حیزبی شیوعی عیراقی لە "مەدینە سەورە" لەکاتی هەلواسینی پۆستەری لیستی کاندیدەکاندا و کوژرانی 5 ئەندامی "ئیئتیلافی شیعی" لەموصل لەسەر هەمان هۆ، هەروەها تەقەکردنی نیوان تاقمەکەی عەلاوی و بەدر لەکازمیە لەکاتی هەلواسینی پۆستەری لیستەکانیاندا، و کوژرانی دوانی تر لە تاقمی "عەرەبی سوونە" لەسەر هەمان هۆ، تا دەگات بە دەستدریژی کردنەکەی نەجەف کە بۆسەر عەلاوی کرا هەروەها ئەوەی کە لە خۆدەرخستنە سەربازیەکەی فرۆکەخانەی موسەننا روویدا کەهیچ پەیوەندییەکی بەحکومەتی ئیستا و وەزارەتی ناوخۆیەکەیەوە نەبوو... ئەمانە هەموویان لەپال ئۆپەراسیۆنە سەربازیەکانی ئەمریکا وچونەسەرمالان وگرتن و کوشتن وداسەپاندنی فەزای ترس وتیرۆر لەبەشیکی زۆر لەناوچەکان و کۆچپیکردنی هەزاران خەلك و دەیان رووداوی تر.. هەموویان لەچوارچیوەی پرۆسەی هەلبژاردندا روویان داوە.. لەمانەش زیاتر تین و تاوی دیموکراسی و هەلبژاردن گەیشتوتە ئەوەی کەلایەنە موتەنافیسەکان بکەونە هیرش وپەلاماردانی یەکتر ولافیتە وپۆستەراتی یەکتر بدرینن، ئەمە جگەلە زیادبوونی کردەوەی تیرۆرو تەقاندنەوە وبالکیشانی فەزای میلیشیای چەکدار بەسەر خەلکدا لەهەریەك لەناوچەکان وژیر پینانی ئازادی لەونیوەدا.. بۆنمونە لەشاری سلیمانی بەتەواوی چالاکی وهەلسورانی حیزبی کۆمۆنیستی کریکاریی عیراقیان بایکۆتکردووە ولەشاری دهۆکیش پارتی دیموکراتی کوردستان پەلاماری بارەگای یەکگرتووی ئیسلامیداوە وەلەشاری رومادیش کەسانیك لەسەرکردایەتی حیزبە ئیسلامیەکان کوژراون. وەلەمەدینەی سەورەش تاقمیکی چەکداری ئیسلامی رایگەیاندووە کەچالاکی هەموو حیزبەکانی تر لەژیر ناوچەکانی نفوزی خۆیدا، قەدەغەیە.. ئەمانە جگەلەوەی کە هیزەکانی ئیحتلال بەتەواوی دەزگاکانی راگەیاندنی کۆنترۆلکردووە وریگانادات بەولایەنانەی کەلەدژی داگیرکاری ومانەوەی ئەمریکان، سودی لیوەربگرن. ... هەموو ئەمانە وای کردووە کە ئیمە بەم سیناریۆیە بلیین، سیناریۆی گالتەجاری هەلبژاردن.

لەراستیدا ئەم هەلبژاردنەی ئیستا شتیکی زیاتر نابی لەوەی کە پەنجەمۆری خەلك وەربگیری بۆ دریژەپیدانی سیناریوی رەشی ئیستا. کەبریتیە لەئیحتلال و نەمانی ئاسایش وخزمەتگوزاریە کۆمەلایەتیەکان. .. ئەمانە دەیانەویت شەرعیەت بدەن بە ئیحتلال ودابەشبوونی قەومی وتایەفەگەری ودابەشبوونی سامان و دەسەلات بەشیوەی یاسایی لەنیوان خۆیاندا بریننەوە... بۆیە ئیمە بریارماندا بانگەوازی خەلکی بکەین بەشداری لەم هەلبژاردنەدا نەکەن وبەم بۆنەیەشەوە لەبەیاننامەیەکدا ئەم هەلویستەی خومان لەدەزگاکانی راگەیاندنەوە بلاوکردەوە و داوامان لەخەلکی کرد کەنەچن بۆدەنگدان وبین لەدەوری کۆنگرەی ئازادی عیراق کۆببنەوە.

**بەلام ئەم دەستەو تاقمانە لەکاتی پروپاگەندەی هەلبژاردنەکاندا، بەلینیان داوەکە دوای هەلبژاردنیان، ئاسایش بەرقەرار بکەن و کۆتایی بهینن بەدابەشبوونی قەومی وتایەفەگەری و گەندەلی ئیداری؟**

سەمیر عادل: لەراستیدا من قسەیەکی لەم بابەتە بەگالتەو نوکتەی پیکەنین هینەر دەزانم .. بەرلەهەرشتیك ئەمانە خۆیان بەرهەمی جەنگ وداگیرکارین ودابەشبوونی قەومی وتایەفەگەری ئیستایان بەسەر خەلکی عیراقدا داسەپاندووە. پیکهاتنی مەجلیسی حوکم، دواتریش حکومەتی کاتی وپاشان حکومەتی ئینتقالی ودەنگدان بۆدەستور، هەموویان لەسەر بناغەی هەمان دابەشبوون بەریوەچوون. تەنانەت هەریەك لەلایەنەکان لەسەر بناغەی قەومی و تایەفەگەری و بەسەر ئەوشارانەدا دابەشبوون کەهەمان پیناسەیان بۆکراوە. بۆنمونە ناوچەی خورئاوای عیراق لەسەربناغەی "عەرەبی سوونی" و خواروو شیعەو کوردستانیش بەنەتەوەی کورد دابەش کراوە. تەنانەت لیستەی بەناو لیبرالیەکەی عەلاویش کۆکراوەی ئەو کەسایەتیانەیە کەلەسەر بناغەی تەوازناتی قەومی وتایەفەگەری دابەشبوون. کۆمەلگای عیراق

لەماوەی 3 سالی رابردوودا لیستی هەموانی تاقیکردۆتەوە وجگەلە کردەوەی ئینسان دزین و ئەشکەنجەو کوشتن بەدەستی میلشیای چەکداری ئەم تاقمانەو تیرۆرو نائارامی و فراوان بوونەوەی گەندەلی شتیکی تری نەچنیوەتەوە. عیراقی ئەمرۆ لەسایەی ئەم تاقمانەدا یەکەمین ولاتی گەندەلی دنیایە. لەمبارەوە دەکری بەسادەیی شاهیدی ئەو نارەزایەتییانەی خەلکی شارەکانی کوردستان بین بەدژی گەندەلی ئەحزابی قەومی کورد. هەروەها شاهیدی پەلامارەکانی حکومەتی تالەبانی- جەعفەری بین بۆسەر خۆپیشاندانی بیکاران لەشاری سەماوە و تەقەکردن لەو خوپیشاندانانەی کەلەلایەن کۆمەلەی خیزانە ئاوارەکان و کۆنگرەی ئازادی عیراق و یەکیتییەکریکارییەکان وحیزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراقەوە لەشاری بەصرا بەریخران ببین. لەراستیدا ئەگەر ئەم تاقمانە نەبن ئەوا قسەش لەدابەشبوونی قەومی وتایەفەگەری و گەندەلی ناکری. ئەمانە خۆیان ئەم موسیبەتەیان هینایە عیراقەوە و هەرخۆشیان پەرەیان پیداوە.

هەرلەمبارەوە خالیکی گرنگ هەیە کەپیویستە ئاماژەی پیبدەم. ئەوەیش ئەوەیە کەئەم تاقمانە دەیانەویت بازبدەن بەسەر گرفتی سەرەکی کۆمەلگای عیراقدا، ئەویش گرفتی ئیحتلالە. ناکرێ قسەلەسەر ئارامی وئاسایش و نەمانی تیرۆر بکرێ بەبێ کۆتاییهاتنی ئیحتلال. هۆی ئەوەش کەئەمانە بەلای ئەمەدا ناچن ئەوەیە کەئەم تاقمانە بەبی ئیحتلال ناتوانن دریژە بەبوونی خۆیان بدەن.

**لیرەو لەوی واباوە کەمەرجەعیەتی ئاینییەکان سورن لەسەر پاراستنی یەکیتی کۆمەلگای عیراق وهاوکات نایەنەوی ئاین تیکەل بەسیاسەت بکری.. سەرنجتان لەسەر ئەم قسانەچییە؟**

سەمیر عادل: ئەمەشیان خالیکی پیکەنین هینەری ترە. ئەمە پروپاگەندەی سەردەمی هەلبژاردنە کە ئیسلامییەکان پشتیان پیبەستووە. بەلام ئەگەر هەروا بەسەر پیوە سەرنجیك لەبەرنامەی هیزە ئیسلامییەکان بدەین ئەوا دەبینین کەهیچ بەرنامەیەکی رۆشنیان نییە بۆدەرکیشانی کۆمەلگای عیراق لەسیناریۆی تراژیدی ئیستا. ئەمانە تەنانەت هیندەی پروپاگەندە بۆ مەرجەعیەتە دینییەکان دەکەن هیندە بۆ دروشمەکانی هەلبژاردنیان ناکەن. لەدەستوریشدا کەبەسەر سەری خەلکی عیراقدا تیپەریانکرد، بەندیکی تیدایە کەدەورو نەخشی مەرجەعیەتە ئاینییەکان لەکۆمەلگادا جیگیردەکا، هەربۆیە بووە جیگای رەزامەندیان و کەوتنە پروپاگەندەکردن بۆدەستور تادەنگی پیبدری لەلایەن خەلکەوە. لەپال ئەمانەوە کیشمەکیشی نیوان مەرجەعیەتە ئاینییەکانی سوونەو شیعە، رۆلیکی گرنگی هەیە لەدابەشکردنی کۆمەلگای عیراقدا، بەسەر قەوم وتایەفەگەریدا. بۆنمونە سیستانی چەند رۆژ لەمەوبەر رای گەیاند کەخەلك دەنگ بدات بەوانەی نوینەری"ئەهلی بیت" دەکەن لەپەرلەماندا، هەروەها لەهەلبژاردنی پیشوودا دیسانەوە رای گەیاند کەپشتگیری لەلیستی ئیئتیلافی شیعەکان دەکات. وەکاتیکیش ئەم لیستە لەپیکهاتنی حکومەتی کاتیدا شکستی خوارد دیسانەوە سیستانی رایگەیاند کەلەحکومەت رازی نییە. مەرجەعیەتە ئاینییەکان، لەوانەش کەسیستانی نوینەراتی دەکات، چەندین جار سیاسەتی ئەمریکایان لەعیراقدا لەقەیران دەرکیشاوە. ئەگەر ئەمانە نەبوونایە ئەمریکا نەیدەتوانی بەسادەیی ئەوەی کە ئیستاش هەیە پیی بگات. مەرجەعیەتە ئاینییەکان ئەوانەبوون بەشداریان لەهەلبژاردندا کردو دەستوریان تەئیدکرد. ئیستاش لەپال هەلبژاردنی داهاتوودا راوەستاون وبەتەواوی شەرعیەتیان داوە بەئیحتلال، لەسەر وئەو هەموو تاوانانەوە کەئەمریکا لەعیراقدا ئەنجامی داوە وئەنجامیشی دەدات. لەراستیدا بەتەواوی پیچەوانەیە، ئەوە مەرجەعیەتە ئاینییەکانن کەرۆلی سەرەکی لەکۆمەلگادادەرەگیرن و خەریکن بۆئەوەی لە هاوکیشە سیاسییەکاندا جیگای خۆیان بەهیزبکەن.

**دەوتری و پروپاگەندەی ئەوە هەیە کەبەشداری لەهەلبژاردندا، زەمانەتە بۆدامەزراندنی عیراقیکی دیموکراسی، کەلەسایەیدا خەلك بەهەموو بەشەکانیەوە بەمافی تەواوی خۆیان بگەن.. ئیوە وەلامی ئەم قسانە چۆن دەدەنەوە؟**

سەمیر عادل: لەنیو وەلامی پرسیارەکانی پیشتردا چوومەسەر ئەم لایەنەی پرسیارەکەتان. بەلام بەگشتی ئەم قسانە بۆهەلخەلەتاندنی خەلك دەکری. لەکوردستان ناسیونالیزمی کورد پروپاگەندەی ئەوە دەکات کەدەبی کورد بەشداری بکات لەم هەلبژاردنانەدا، چونکە ئەمە ریگای زەمانەتی مافەکانی نەتەوەی کوردە. وەلەبەشی خوارووی عیراقیش حەکیم و سەرانی تری ئیئتیلافی شیعی بانگەواز بۆئەوەدەکەن کەدەبی شیعەکان بەشداری هەلبژاردن بکەن تاکو لەم ریگەیەوە تۆلەی ئەوچەوساندنەوەیە بکەنەوە کەبەهۆی رژیمی صدامەوە لیّیان کەوت. لەناوچەکانی رۆژئاوای عیراقیش خەلك هاندەدری بۆبەشداری بەوناوە کە گوایە مافەکانی سوونەکان ژیر پینراوە!. لەراستیدا هەموو ئەم پروپاگەندانە خۆی لەخۆیدا بۆ توندکردنەوەی کیشمەکیشی قەومیو تایەفەگەری وئامادەکردنی ئاگری شەری نیوانیانە. لەیەك وتەدا ئەگەر بلیم، "عیراقی نوی" عیراقی قەومی و تایەفەگەرییە کە هیزی چەکداری قەومی وتایەفەکان تیایدا بالادەستە ویاسای هیزی میلیشیای ئەوانی بەپیی دەستور تیدا بەریوە دەبری.

لیرەدا ئەگەر خالیك بۆ ئاگاداری هەموان بخەمە روو خراپ نییە. ئەویش ئەوەیە کەهەموو ئەم تاقمانە بەلّینی ئەوە دەدەن کەدوای هەلبژاردنیان هەموو بەندەکانی دەستور بەتەواوی جیبەجی دەکەن، لەکاتیکدا خودی دەستور خۆی لەسەر بناغەی قەومی وتایەفەگەری نوسراوە. هەلبژاردنی داهاتوو هەروەك پیشتر ئاماژەم پیدا، هەنگاویکیترە لەراستای دریژەدان بەسناریۆی رەشی ئیستاو دووبارە دابەشکردنەوەی نفوز ودەسەلات وسامانی کۆمەلگا. بیگومان لەم حالەشدا کیشەو دەعوای قەومی وتایەفەگەری لەحالەتی ئیستاش توندتردەبیتەوە. بۆیە ئەو قسانەی کەدەکرین تەنها پروپاگەندەی پوچی سەردەمی هەلبژاردنە ونەهیچیتر. تەنانەت لەماوەی تەمەنی حکومەتی تالەبانی وجەعفەریدا ئەو راستییە خوی نیشانداوە کە لەمەیداندابوونی ئەم دەستەوتاقمانە بەپیویست دیاردەی قەومی وتایەفەگەرییان لیدەچۆری. ئەمە لەکاتیکدایە کە خەلکیکی بیتاوان لەسەر بناغەی هەرئەم دابەشبوونە دروزنانە بوونە قوربانی وکوژران. بۆنمونە دەکری ئاماژە بدەین بەحالەتی سوننەکان کەچۆن لەناوچەی زوبیری بەسرا و حوریە وکازمیە لەبەغداد کرانە قوربانی دیاردەی تایفەگەری وکوژران. هەروەها شیعەکان لەمەدائین و بەغداو کازمیەو کوردەکانیش لەموسل وعوزەیم و عەرەبەکانیش لەکەرکوك.. بەهەمان دەردداچوون. هەموو ئەم نمونانە بەسادەیی دەتوانی هەرکەسیك بەو ئەنجامە بگەیەنی کەهەلبژاردنی داهاتوو هیچ

گرفتیك چارەسەر ناكات، چونكە هەمان ئەو هیزانەی ئیستا هەن هەرئەوانە دەچنەوە حكومەتی داهاتووش. مەگەر ئەوەی بارودۆخەكان تەواو بەپیچەوانە بیتەوە و خەلك بتوانی خۆیان حكومەتیكی نەقەومی ونەمەزهەبی وسكولار بهیننە سەركار، كەئەمەش بەتەوای لەبەرنامەی ئەم دەستەو تاقمانەدا سردراوەتەوە. بیگومان تەنها حكومەتیكی لەم جۆرە دەتوانی مافی یەكسان بۆهەمووان لەعیراقدا دابین بكات. ئەمەش جۆری ئەو حكومەتەیە كەكۆنگرەی ئازادی عیراق لەپیناویدا خەبات دەكات.